ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ZAGROS WEBSITE

# کتێبی (بۆچی موسڵمانان دواکەوتن و غەیری ئەوان پێشکەوتن؟)

**نووسینی : شەکیب ئەرسەلان**

**خوێندنەوەی رۆژنامەی ( رێگای یەکبوون )**

ژمارە (٦٦) ساڵی یەکەم –دووشەممە ١٠/ ربیع الاول/١٤٢١ك – ٢٠٠٠/٦/١٢ز   ل٦



ئـەم کتێبـە لەنووسـینی(شـەکیب ئەرسـەلان)ە بـەناوی (لمـاذا تـأخر المسـلمون و تقـدم غـیرهم؟) واتـە(بۆچـی موسـڵمانان دواکـەوتن و غـەیری موسـڵمانان پێشـکەوتن؟) ئـەم کتێبـە لەسـەر داوای(ئـیمام مـهراجا)ی دورگـەی سمبـس بورنیـو(جاوە) شـێخ موحەممـەد بەسـیونی عمران نووسرا. شێخ موحەممەد پێشنیاری کرد کەئەمیر شەکیب وتارێك لەبارەی بێ هێزیی موسڵمانان و بەهێزبوونی رۆژئاواییەکان و ژاپۆنییەکان بنووسێ ئەویش لەنامەیەکیدا کـەبۆ موحەممەد رەشید رەزا خاوەنی گۆڤاری(المنار)ی نووسی، ئەمیر شـەکیبیش پـاش گەڕانـەوەی لەسـەفەرێك لەماوەیـەکی زۆر کورتـدا ئـەم کتێبـەی نووسـی و لـەو گۆڤـارەدا بڵاوکرایـەوە و پاشان ساڵی ١٩٤٠ کرایە کتێبێکی سەربەخۆ و لەجیهانی ئیسلامیدا دەنگی دایەوە.

ئەمیر شەکیب نووسەرو ئەدیبێکی پایە بەرزی موسڵمانانە، هەروەها کارو خزمەتێکی گەورەی هەبووە بـۆ ئیسلام. ساڵی ١٨٦٩ لەدایك بووە و ساڵی ١٩٤٦ وەفاتی کردووە.

ئـەمیر شـەکیب لەبنەماڵەی ئەرسـەلانییە لـەلوبناندا. لـەژیانیدا چووەتـە چـەند قوتابخانەیـەك و چـەند زمـانێکی زانیوە وەك ئینگلیزی و فەرەنسی و تورکی. نووسراوی زۆری هەیەو هەوڵی زۆری داوە بۆ بەرزبوونی ئاستی موسڵمانان.

ئەمیر شەکیب لەسەرەتای کتێبەکەیدا (بۆچی موسڵمانان دواکەوتن و غەیری موسـڵمانان پێشکەوتن؟) باسـی ئـەوە دەکات کەچۆن ئیسلام بووەتە مایەی سەربەرزی و پێشکەوتنی عەرەب و باسی ئەوە دەکات کـە چـۆن پێشـەوایەکی وەك ناپلیۆن سەرسام بووە بەپێغەمبەر (صلى الله عليـه وسلم) و عومـەری کوڕی خـەتتاب و زۆر لـەناودارانی ئیسلام بـەڵام پـاش ئـەوەی کـە موسـڵمانان دوورکەوتنـەوە لەدینەکـەیان تووشـی سەرشـۆڕی و زەلیلـی و دواکـەوتن بـوون. خـوا دەفەرمووێ(**ولله العزة ولرسوله وللمؤمنين**) واتە سەربەرزی بۆ خواو پێغەمبەرەکەی و ئیماندارانـە بـەڵام موسـڵمان بەوە سەربەرز نابێ کەبڵێ موسڵمانم بەتەنها چونکە هەر خوا خۆی دەفـەرمووێ(ان الله لايغـير مـابقوم حتـى يغـيروا مـا بانفسهم) واتـە تاخـەڵکی خۆیـان نـەگۆڕن خـوا وەزعەکەشـیان بـۆ نـاگۆڕێ کەواتـە گوناهەکـە هـی موسـڵمانە کـە دوورکەوتوونەتەوە لەدینەکەیان و وازیان لەکارکردن هێنـاوە و دەستیان داوەتـە تەمـەڵی، میللـەتانی موسـڵمان وایـان لێ هاتووە دەیانەوێ سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن بەبێ قوربانی دان بەماڵ و بەنەفس، وایانزانی کەهەر ئەوەندە موسڵمان بن ئیتر سەردەکەون و پێویسـتیان بەجیهاد بەنـەفس و بـەماڵ نییـە سـەرکەوتن لەخۆیـەوە دێـت. رازی بـوون بەتـەنیا نوێژو رۆژوو و هەرچییەکی تر کە پێویست بەپێشکەش کردنی خوێن و ماڵ نەبێ هەر بۆ نموونە لەرووداوەکانی ساڵی ١٩٢٩ لەفەڵەستیندا جوولەکەی جیهان یەك ملیۆن(جنيه)یان بەخشی بۆ جوولەکەی فەڵەستین لەکاتێکدا موسڵمان تەنها

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

١٣ هەزار(جنیە)یان بەخشی بەفەڵەستینییەکان ئەمە لەکاتێکدا جوولەکە بیست ملیۆن کەسن و موسڵمانان نزیکەی ٤٠٠ ملیۆنن(بێگومان لەو کاتەدا).. جا ئایا ئەمەیە کەناوی دەنێن قوربانی دان؟ لەپێناوی خوادا بەماڵ و گیانتان؟

سلبیاتی موسڵمانان بەرامبەر دڕندێتی دەوڵەتانی رۆژئاوا دژی هەندێك وڵات رێی خۆش دەکرد بۆ سەپاندنی دەسەڵاتیان بەسەر ئەو وڵاتانەدا بۆ نموونە لەلیبیادا کە ئیتاڵیا داگیری کرد... بۆ هاندانی ئیتاڵییەکانیش سروودێك دانرا کەقسەی لەم بابەتەی تیایە((دایە.. من دەڕۆم بۆ (تەرابولس) بەدڵ خۆشییەوە بۆ ئەوەی خوێنی خۆم ببەخشم لەپێناوی سەرپانکردنی میللەتە لەعنەت لێکراوەکە و بۆ ئەوەی شەڕ دژی دینی ئیسلام بکەم.. بەهەموو هێزێکم شەڕ دەکەم بۆ سڕینەوەی قورئان، ئەو کەسە شایەنی شکۆمەندی نییە کە بەڕاستی وەکو ئیتاڵییەك نەمرێ)).

لەمەغریبیشدا خەڵکەکە دژی ئیسپانییە داگیرکەرەکان شەڕیان کرد بەسەریاندا سەرکەوتن بەڵام دوایی فەڕەنسا پشتگیری ئیسپانییەکانیان کردو(٣٠٠) هەزار سەربازیان کۆکردەوە و فڕۆکەکانیان دینامێتی بەسەریاندا دەباراند، پاشان ژمارەیەك فڕۆکەی ئەمریکی لەنیویۆرکەوە هاتن و بەشداریان کرد لەبۆردومان کردنەکەدا. بەم شێوەیە ئەو وڵاتە نەصرانییانە کۆبوونەوە بۆ شەڕکردن دژی موسڵمانان بەڵام موسڵمانانی سلبی و غافڵ هەر ئەوەندەیان بۆ کرا(١٥٠٠) جنیە بۆ مەغریبییەکان کۆبکەنەوە.

ئینجا کەسانێك هەن کە بوونە پیاوی ئەو دەوڵەتانەو بۆ خزمەتی جوولەکەو رۆژئاوا دەکەونە گیانی براکانی خۆیان و ئەگەرلێیان بپرسی بۆ وا لەگەڵ براکانتان دەکەن دەڵێن ئەگەر خزمەتی بێگانە نەکەین تووشی نەهامەتیمان دەکەن ئێمەش لێیان دەترسین.. بەڵام ئەمانە فەرموودەکەی خوایان لەیاد چوو کە دەفەرمووێ: **(أتخشونهم فاللّه أحق ان تخشوه ان كنتم مؤمنين)** ئایا لێیان دەترسن؟ خوا زیاتر شایەنی ئەوەیە کەلێی بترسن ئەگەر بەڕاستی ئێوە ئیماندارن.

هەروەها: **(فلا تخافوهم و خافون ان كنتم مؤمنين)** لەوان مەترسن و لەمن بترسن ئەگەر بەڕاستی ئیماندارن.

ئەگەر ئەمانەش خەڵکی عەوام بن دەڵێین ئەوان نازانن قورئان و سوننەت چییە و سیاسەت چییە بەڵام لەوە خراپتر ئەوەیە غەیری عەوام خیانەت بکەن وەکو(الموقری)ی وەزیر کە پشتگیری فەڕەنسا دەکات کە لەناو گەلی موسڵمانی(بەربەری) وڵاتی مەغریب حوکم بەشەریعەتی ئیسلام نەکرێ یان(البغدادی) کەبەقامچی لەسەد لاوی شاری(فاس)ی دا چونکە لەمزگەوتدا کۆبوونەوەو دوعایان دەکرد کە دووبەرەکی نێوان عەرەب و بەربەر روونەدات... ئەوانەش بێ ئاگانین کە لەشکرێکی قەشە هەیە کەهەوڵ دەدات نەصرانییەت لەناو(بەربەر)دا بڵاو بکاتەوە رەنگە ئەو(الموقری)یەش کابرایەکی نوێژکەری ویرد خوێن بێ یان(البغدادی) یەکێك بێ لەوانەی کە خۆی لەکۆڕی شێخەکان هەڵدەسوێ و هاوار بۆ ئەولیا بکات.. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە خیانەتە لەئیسلام دەکەن.

نەصرانییەت پارەیەکی زۆر کۆدەکەنەوە بۆ بەگاورکردنی موسڵمانان و غەیری موسڵمانان کە بەپارەی ئەوسا نزیکەی ٢٠-٣٠ ملیۆن(جنیە) لەساڵێکدا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا موسڵمان بەدەمارگیرو(متعصب) ناو دەبەن و خۆیان بەمیانڕەو لەقەڵەم دەدەن.

موسڵمانیش رزگاری نابێ لەتۆمەتی(دەمارگیر) تەنها بەوەنەبێ کە کەم تەرخەم بێ و بڵێ کاری من نییە ئەگەر بێت و بیستی کەوا فەڕەنساییەکان هەوڵ دەدەن(بەربەر) بکەنە گاور. بەڵام کابرای ئەورووپی بۆی هەیە پارەی زۆر

ZAGROS WEBSITE

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

سەرف بكات بۆ بەگاوركردنی موسڵمانان و بۆی هەیە ئەم بانگەوازە بەتۆپ و تانك و فرۆكە بپارێزێ و بۆی هەیە ئاژاوە لەناو موسڵمانەكاندا بنێتەوە.. بەم كارانەش هێشتا هەر ئەو(مۆدێرن) و پێشكەوتوو خوازو شارستانی و میانڕەوە.

فەڕەنسا هەوڵ دەدات(بەربەر) بكاتە گاور، هۆڵەندییەكانیش موسڵمانانی(جاوا) دەكەنە گاور، بەلجیكاش بەڕەسمی خەڵكی(كۆنگۆ) لەئەفریقادا دەكەنە گاور، ئینگلتەرا ڕێ لەبانگەوازی ئیسلامی لە(ئوگەندا) و (سودان) و (دار السلام) دەگرێ كەچی هەموویان موسڵمانان دەخەڵەتێنن دەڵێن ئەوروپا بەوە پێشكەوت كە شەقی لەمەسیحیەت هەڵدا كەواتە تا ئێوە لەسەر ئیسلام بڕۆن قەت پێش ناكەون.

پاش ئەوەی ئەمیر شەكیب باسی گرنگترین هۆی دواكەوتنی موسڵمانان دەكات وەكو زانستی كەم و كورت، خراپ بوونی ڕەوشت، تێك چوونی ڕەوشتی پێشەوایانیان بەترس و تۆقاندن، بێ هیوایی لەڕەحمەتی خوا، ئەو بێ هیواییەی كە بەهۆی فیكرەیەكی هەڵەوە بۆیان دروست بوو ئەویش كە ڕۆژئاوا لەهەموو حاڵەتێكدا هەر لەسەرەوەیەو هەموو بەرگریەك بێسوودە ئەگەر بیانەوێ دژی داگیركەرێك شەڕ بكەن دەڵێن: شەڕ سوودی چییە ئەگەر ئەو داگیركەرە لەكۆتاییدا هەر سەر بكەوێ؟

دوای ئەوە ئەمیر شەكیب وەڵامی ئەو كەسانە دەداتەوە كە دەڵێن ئیسلام یان ئاین بەشێوەیەكی گشتی هۆی دواكەوتنەو دەڵێ: ژاپۆن میللەتێك بوو حوكمی دەرەبەگانەی تیابوو بەڵام توانی ئەو پێشكەوتنە ماددییە بەدەست بێنێت بەبێ ئەوەی ئاینەكەو تەقالیدەكەشی دەستكاری بكات وەباسی ئەوە دەكات كە چۆن ژاپۆنییەكان بڕوایان وایە كە پاشاكەیان لەوەچەی خواكانەو چۆن دینی بت پەرستی و دینی جۆراوجۆری تری تیایە و تائێستاش ماون.. جائایا دەتوانین ژاپۆن بەكۆنە پەرست بزانین؟ یان دەتوانین بەریتانیا بەكۆنە پەرست بزانین چونكە لەپەرلەمانی بەریتانیایدا لەمەسەلەیەكی ئاینی مەسیحی كۆڵرایەوە ئەویش ئەو نانە تایبەتەی كە دەخورێت و دەبێتە لەشی مەسیح و ئەو شەرابە تایبەتییەی كە دەخورێتەوەو دەبێتە خوێنەكەی.. یان لەپەرلەمانی ئینگلیزی ویستیان بڕیار بدەن ئەم شتە بەڕاستی ڕوودەدات یان بە(مجازی). یان ئایا كاتێك جوولەكە هەوڵیاندا زمانی هەرەكۆنی عیبری زیندوو بكەنەوە و قسەی پێ بكەن.. ئایا كەس وتوویەتی كارەكەیان كۆنە پەرستی و دواكەوتنە؟.

یۆنان لەكاتی پێش نەصرانییەتدا پێشكەوتوو بوو بەڵام دوای ئەوەی بوو بەنەصرانی بەرەو لاوازی و كزبوون چوو لە(ڕۆما)ش دەوڵەتێكی گەورەبوو دوایش كە بوو بەنەصرانی بەرەو داڕووخان چوو.. جائایا داتوانین بڵێین نەصرانییەت هۆی ئەو لاوازییەی یۆنان و داڕووخانی ڕۆما بوو؟ هۆی دواكەوتن و ڕووخان شتی ترن وەك هۆی دەرەكی و ناو خودی وڵات و شارستانییەكە خۆی و پەیوەندی بەئاینەوە نییە ئەگینا وەك زانیمان ژاپۆنییەكان بت پەرستن بەڵام چەند شتێكی تر بوونە هۆی پێشكەوتنیان.

هەندێك ڕۆژئاوایی دەڵێن كەوا دواكەوتنی ئەوروپا لەسەدەناوەڕاستەكاندا دەگەڕێتەوە بۆ نەصرانییەت، پرۆتستانتەكانیش دەڵێن هۆكە كەنیسەكەی پاپا بوو و پێشكەوتن لە**(مارتن لوثر)** و (كالڤین)ەوە دەستی پێكرد كەلە كەنیسەكەی پاپا یاخی بوون لەكاتێكدا(ڤۆڵتێر)ی فەڕەنسی دەڵێ ئەم دوانە شایەنی ئەوە نین ببنە پێڵاوی موحەممەد.

لەگەڵ ئەوەیشدا نوێنەری باڵای فەڕەنسی لەمەغریبدا دەنووسێ كەوا مەغریب وریا بۆتەوە پاش(شەوەزەنگی ئیسلام) جا ئەگەر وڵاتێكی موسڵمان بۆ ماوەیەك دواكەوتبێ ئەوان باسی شەوی ئیسلام ئەی دەبێ چی بڵێن لەبارەی نەصرانییەت لەماوەی ئەو هەزار ساڵەی كە ئەورووپای نەصرانی لەحاڵەتی دڕندێتی و ناشارستانییەتدا دەژیا؟

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

کەواتە خەتا لەئایینەوە نییە بەڵکو لەمرۆڤەکان خۆیانەوەیە لەم بارەشەوە نموونە هێڵی شەمەنەفەری نێوان دیمشق تا مەککە، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بڕیاریدا ئەم هێڵە رابکێشێ تاماوەی نێوان دوو شوێنەکە لەچل رۆژەوە ببێتە چوار رۆژ بەڵام خەڵکی گاڵتەیان بەم پرۆژەیە هات چونکە پارەی ئەم هێڵەی کە زیاتر لەدوو هەزار کیلۆمەتر درێژە پارەیەکی زۆرە هەروەها هێڵەکە پێویستی بەئاوە ئاویش لەبیاباندا نییە، ئینجا لەوانەیە لە بیابان هێڵەکە داپۆشێ دوای ئەمە ترسی عەرەبە کۆچەرەکانیش هەیە.

تەنانەت ئەندازیاری عەلمانی(ماستەر پاشا) گومانی لەمەدا هەبوو ئەمەشی بەئەمیر شەکیب وت بەڵام ئەو پارەی بەخشی بۆ پرۆژەکەو هەروەها شیعرێکی نووسی بۆ پشتگیری کردنی بەڵام قەڵەرەشەکان هێرشیان بردە سەری و لەکۆتاییدا هێڵەکە لەدیمشقەوە تامەدینە راکێشرا(کەدەیکردە ١٤٠٠ کیلۆمەتر) و ئەگەر لابردنی سوڵتان عەبدولحەمید لەحوکم رووی نەدایە هێڵەکە دەگەیەنرایە مەککە... هیچیش لەو شتانەی سەرەوە رووی نەدا، ئەو هێڵەش کەلەبەریتانیادا نموونەی نییە تەنانەت لەبەریتانیایشدا.

پاش هاتنی بەریتانیا و فەرەنساش بۆ ناو فەلەستین و سوریا لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا یەکەم شت کەهەوڵیان بۆدا لەکارخستنی ئەم هێڵە بوو و هەر چەندە نارەزایی زۆر دەکرا بەڵام هەوڵەکەیان بەردەوام بوو هەر کەسێکیش رەخنەی لەم هەڵوێستە بگرتایە ئینگلیز لەژێرەوە پیلانی بۆ دەگێڕان، فەرەنسییەکانیش بەئاشکرا پێی دەڵێن: دوژمنی فەرەنسا.

نموونەیەکی تر دروست کردنی بانکی میسر لەلایەن(طلعت پاشا حرب) کەتووشی نارەحەتی و کێشەی زۆری کرد چونکە خەڵك وایان دەزانی کەخۆیان ناتوانن کاری وا بکەن هەر دەبێ مامەڵە لەگەڵ بانکە بیانییەکان بکەن بەڵام لەئەنجامدا سەرمایەی بانکەکە لە ٨٠ هەزار(جنیە)وە بەرز بوو بۆ یەك ملیۆن(جنیە) جگە لەبیست ملیۆن(جنیە)ی تر بەشێوەی موڵك و کۆمپانیا.. هتد و بەهۆی ئەو بانکەوە چەندین کارگە دروست کران یەکێك لەوانە کارگەی چنین کە(١٨) هەزار کرێکاری هەبوو و ساڵانە سێ ملیۆن(جنیە)ی ئەو کاتانەی بۆ حکومەتی میسری دەگێڕایەوە کە کاتی خۆی دەچووە گیرفانی ئەوروپاییەکانەوە.

بەم شێوەیە موسڵمانان هیچیان لەخەڵکی تر کەمتر نییە بالەمە زیاتر خۆیان بەکەم و سووك نەبینن و غەیری خۆیان بەگەورە و بەئاغا تەماشا نەکەن.

ئەمە کورتەیەکی کتێبی ئەمیر شەکیب ئەرسەلان(بۆچی موسڵمانان دواکەوتن و غەیری موسڵمانان پێشکەوتن) کە هاواری موسڵمانێکە کە بێ هیوایی رووی تێ نەکردووەوکە دەزانێ ئەگەر هەر میللەتێك(جدی) بێ و واز لەتەمەڵی و بێ هیوایی و خۆبەکەم زانین بهێنێ لەکۆتاییدا شتێك بۆ خۆی ئەنجام دەدات، هەروەها ئەم کتێبە وریاکردنەوەیەکی موسڵمانان بوو لەرەفتاری دەوڵەتانی رۆژئاوا بەرامبەریان و پیلانەکانیان بۆ دوورخستنەوەی ئێمەی موسڵمان لەئاینەکەمان لەکاتێکدا کەلەزۆرشتدا ئەوان رەچاوی ئاینەکەیان دەکەن.. دەڵێن ئاین هۆی دواکەوتنە بەڵام هەوڵی زۆر وپارەی زۆر تەرخان دەکەن بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی خۆیان.



ZAGROS WEBSITE